**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٤٥١٩ - ٢٥ لە ٢٠٢٥/٧/٢٩**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٢٣) و بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٥٢) ی یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵ ١٩٨٧، ئەو ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ کارکردنی کرێکاری بیانی**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی **(نۆزدەهەم)** بڕگەی **(سێیەم)** و زیادکردنی بڕگەی **(چوارەم)**، وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**سێیەم:** بەڕێوەبەری گشتی کار ودەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆی هەیە گرێبەستەکە نوێ بکاتەوە بۆ ماوەی یەك ساڵی تر لەکاتی پێویست.

زیادکردنی بڕگەی (**چوارەم**):

**چوارەم**: وەزیر بۆی هەیە ساڵانە گرێبەستەکە نوێ بکاتەوە ئەگەر بەپێویستی زانی.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦ - ٢٩٤٩ لە ٢٠٢٥/٧/٨**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- ڕاگرتنی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی عەنکاوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٧/١٥) تاکو (٢٠٢٥/٧/١٧) بەمەبەستی گۆڕینی شوێنەکەیان و گواستنەوەی کەل و پەلی باڵەخانەکەیان.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیـری داد**